# سایتەکانی ئنتەرنێت و.. ئازادی بیروڕا!! ... حەسەن سەید باقی

ئەمڕۆ لەسای پێشکەوتنی زانستەکانی مرۆڤایەتی و هاتنەمەیدانی ئەنتەرنێت، جیهان بووەتە دێیەکی بچوك، وە مرۆڤ دەکارێ لە ساتەوەختێکدا ئاگاداری ڕووداو گۆڕانکاریەکان ببێت، وە لەباری زانستیشەوە پێگەیەك بێت بۆ خۆفێرکردن و پێشکەوتنی ئاستی زانستی کەسایەتی.

لەم نێوەندەشدا، گەلێ سایتی کوردی و ژووری پاڵتاك کراونەتەوە، وە پێم وایە جێگەی خۆشحاڵیە بۆ هەموو کوردێك، کە کوردیش وەك گەلانی تری سەر ئەم زەمینە لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن و تەکنۆلۆجیادا بن. مەخابن گەلێ بەناو نووسەرو دەنگبێژ لەم ژوورو سایتانەدا بەناوی ئازادی بیرووڕاوە، بەربوونەتە گیانی خەڵکی، بەبیری خۆیان خزمەتکردنە بەگەلی کوردو دۆزەکەی، هێرش و جنێو دەبەخشنەوە، کاتێك کە مایك دەگرن سوپەرمانن و کەس لەخۆیان زیاتر نییە، دەشترسن لەوەی ناوی خۆیان بڵێن، بەهۆی پاشەڵپیسی هەندێکیانەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی بەبیری ڕاست و باوەڕ بەخۆو بیروباوەڕی واقیعیەوە دەپەیڤێ و سودمەندە بۆ گەل. ئەوەی ڕچاو دەکرێت لە دوو شوێنی دیاردا بەناوی کوردستان پۆست و ژووری کوردستان یونایتد کە هەموو شتێکە یەکگرتوو ئازاد نەبێت. وە دەڵێن ژووری بێکەسانە ژووری هەژارانە کە پێم وایە وانییە! بۆ نموونە و زۆر بەئاسایی، ئەگەر هێرشی ناڕەوا بکەیتە سەر پ. د. ك و بنەماڵەی بەرزانی، ئەگەر کۆنە بەعسیش بیت ڕێگەت پێدراوەو ئازادی چی دەڵێت و چۆن دەپەیڤیت. بەڵام ئەگەر بەویژدانەوە بێیتە گۆ، ئەوا ئەو دەسەڵاتە بێیاسەیە جەنگڵستانەی کە هەیانە لە سور کردن و فڕێدانت، بەکاری دەبەن. بۆ نموونە برادەرێك نووسی (فشە مەکەن) هەر هێندەی زانی سوورکراو فڕێدرایە دەرەوە، یان بڵێیت بۆ باسی بەشەکانی تری کوردستان و ئازادی ڕۆژنامەوانێکی ئێرانی ناکەن دژی دەوڵەتی داگیرکەر قسە بکەن دیسان دەردەکرێت. لەهەمان کاتیشدا باسی ئازادی و دیموکراتی، عەیار 24 دەکەن، یان زۆر لە ئەدمینەکان سەری زمان و بنی زمانیان جنێو ئیهانە کردنی بارزانی و بارزانییەکانە، بۆ نموونە کەسێك ناوی خۆی ناوە پۆتین (واتە پۆستاڵ) نازانم لە خۆشی ناوی ڕاسپۆتینەوەیە ئەم ناوەی هەڵبژاردووە، کە هەریەك لە ئێمە کەمێك زانیاریمان هەیە و دەزانین ڕاسپۆتین چی بوو چی کردووە؟ ئەم پۆتینەش ئێستاش جنێو فرۆشە، بەنیازبوو شۆڕشێك بکات. کەسێکیش بەناوی کادیرێکی یەکیەتیەوە نامەی دڵداری بۆ کەسێکی تر دەنووسێت بۆ کوردستانپۆست کە جنێو بە کورد و بارزانی دەدات، بە باشی دادەنێت و ڕێزی بۆی هەیە، کەواتە ئەو دوو حکومەتەتان چۆن یەکدەگرێتەوە ئەی پارتی و یەکیەتی، ئەگەر ئێوە وا بیربکەنەوە. هەروەها دەیانەوێت لە ژووری پاڵتاکەوە شۆڕش هەڵگیرسێنن لە بێخەبەران دوێنە سڵاوات.. نازانن چەوساوەکانی کوردستان لە خۆشی ولەسای کارەبای دووکان و دووبزدا بە ئاسوودە دەژین، و هیچ کێشەیان نییە هەموویان خاوەندی کۆمپیتەرو ئاگاداری ژووری پاڵتاکی جنێو دەرن. کەسێك بڵێت کاکە با زانستانە قسە بکرێت، با جنێو نەدرێ بەکەس، بە بەکرێگیراو کاسە لێس و.. تاد. ناو دەبەن. ئەم ژوورە بەناو کۆمۆنیست و کورد پەروەرن کەچی بۆ تامی دەم باسی داگیرکەرانی کوردستان ناکەن، گەر کۆمۆنیستن، باسی لێدانی شوێنە عەرەبنشینەکان ناکەن. لەوانەیە شوێنەعەرەبنشینەکان تیرۆریست بن، ئەی منداڵەکانیان ژن و

پەککەوتەکانیان؟ ئەی کۆمۆنیستانی زەمانە!. کەسانێك ڕۆژی ڕووناکیان لێتێکچووە و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، ڕۆژێك نەهات ڕەشنووسێك لەسەر خۆرهەڵات بنوسێت، باسی دڕندەیی و کوردستانی بندەستی ئێران ناکات. دێتە ئەم ژوری پاڵەوانانە و دەبێژێت هەڕەشەم لێکراوە. کاکە کێ هەڕەشە لە تۆی بەستەزمان چەواشەکار دەکات. هەتا هەنووکە گڕوگاڵ دەکەیت و نازانی بیر نوێخوازی و شۆڕش لەچ ئاستێکدایە.. پێم وایە ئەو سوپەرمانانە دەبوو چاوێك بەخۆیاندا بخشێننەوە، بەسە ئیتر خۆیان با لا گەورە نەبێت. جوێننامەکانیان گەشتووەتە بنبەست، مەگەر بەدوای قاموسێکی تری جوێننامەدا بگەڕێن، دەنا خەڵك و خوێنەران لەوڕاوەو جنێوەکانیان بێزار بووە. گەر ئێوە کۆمۆنیستن ئەوا تەواوی دونیاو عێراق دەسوتێت، چەوساوەکان چەوساوەتر دەبن، گەر کوردایەتیش دەکەن کەس دەستی نەگرتوون، ئەوە ئەرز و ئەوەگەز، ئەوە باکورە لەم ڕۆژانەدا کڵپەی کردووە، ئەوە ڕۆژهەڵاتە دەستگیرکراوە، ئەوە باشوری بچوك تازە مرۆڤەکانی ڕەگەزنامە وەردەگرنەوە.. ئەی شەریفان کاتی سەددامی فاشی ئێوەی سوپەر کۆمۆنیست و سوپەرکوردایەتی لەکوێ بوون؟ چۆن ئەمڕۆ بە قودرەتی قادر باشترە بڵێم قودرەتی بارزانی یەکتان گرتووە. بەڵام بۆ شۆڕش نا!ئەی بۆچی؟ ئایا بۆ رزگاری و شۆڕشی پرۆلیتاریایە یا بۆ نۆکەری دەوڵەتە داگیرکەرەکان؟ زۆر لام ڕوونە دەمپیسەکان و چەقۆ کولەکان بە خوێندنەوەی ئەم پەڕەگراڤە، کێچ دەکەوێتە کەوڵیان وەڵامی بێسەروبەر دەدەنەوە، چی دەڵێن با بیڵێن چونکە مانگ بەشەو دیارەو بەدەست ئاماژەی پێدەکەن. ئەوانەش بەرێبواری ڕێش دەوەڕن. لەگەڵ داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز ئەگەر ووشەی ڕەقم بەکار بردبێت، چوون ئەوانە لەوە زیاتر شایستەیانە.

ئەڵمانیا 14. 11. 2005